

گەشاوە جاف

## گونـاهــت کرد

گوناهت کرد بەوشەکانت خۆشەویستی دڵمت کاڵکردەوە

زۆر بەناهەق جێگەی عەشقت نەکردمەوە

نەتهێشت دڵم لەخۆشی عەشقت بۆ هەتاهەتا سەرمەست بێت

بەخەیاڵ ژینی عەشقت کرد بەخەزان

لەسەرەتای بەهاری تەمەنیا بوو کردت بەگەڵاریزان

هێندە زاڵم بووی هیواکانت گشت خنکان

ئومێدەکانت زۆر بەسادەیی تاسان

وامزانی لەعەشقتدا نووقمم دەکەی

دەرگای ژەنگاوی چەند ساڵەم واڵا ئەکەی

نەك لەناکاو بەوشەی دوور لەڕاستی

لەژێرگڵی خاکی خۆشەویشتی عەشقم زیندە بەچاڵ دەکەی

نەمدەزانی نەمدەزانی چونکە سەرسامی جوانی عەشقی تۆ و دنیا بووم

لەناکاو ڕەشەبای ووشە و خەیاڵەکانت هاتوو کوژاندیەوە مۆمی عەشقی نەبێزراوم

نازانم چۆن بدەمەوە دڵخۆشی دڵەی شکاوم!

نازانم چۆن سارێژی کەم ئازاری دڵەی زامدارم!

گوناهت کرد گوناهت کرد بەوشەکانت خۆشەویستی دڵمت توراند.

**لەندەن ٢٠٠٧**